# چەپکی لە پۆستەکانم، بۆ ڕیفەڕاندۆمی" سەربەخۆیی"



هەڵۆ بەرزنجەیی ۲۰۱۷/۹/۳۰

هاوشانی بەرەوپێشچوونی پرسی ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی و نزیک بوونەوەی وادەی بە ئەنجام گەیاندنی لە ڕۆژی ۲۰۱۷/۹/۲۵، منیش وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و هەڵوێستی تاکێکی خەمخۆر و بە پەرۆشی کوردبوون،پێویستی بەشدارابوونم بە گرنگ زانی تا وەک بەشدارێک ، بیروڕای خۆم لە واڵەکەی خۆمدا بە پێی توانا ڕۆژانە بەچەند وتەیەک دەربڕم.

هەندێ لە پۆستەکانم ڕەنگانەوەی هەواڵە گەرم و پروپاگەندەی ناحەزانە، بەرامبەر بەو پرسە گرنگ و هەستیارە. دیارە خوێنەری زرنگ زوو هەست بە چرکەساتەکان و ڕەنگانەوەی هەواڵە جۆراوجۆرەکان لەسەر وتەکانم دەکات.

دیارە ئەم وتانە زۆربەیان بوونەتە جێی گفتوگۆی جۆراوجۆر،لە ڕێی ئەو کۆمێنتانەی هاوڕێیان لەسەریان نوسیووە. دەرفەت نییە،ئەوەتان بۆ ڕاگوێزم،ئەگەر ئارەزوو بکەن دەتوانن لە واڵەکەم/دیواری فەیسبووکەکەمدا بییان خوێننەوە.

بە چاکم زانی کۆی ئەو وتانە، بکەمە چەپک و لێرەدا بیخەمە بەردەست خوێنەری ئازیز.

۲۰۱۷/۸/۲۸

۱ـ کوردستان تەنها موڵکی کوردە.

۲ـ کەسێکی کۆسمۆپۆلیتی و ئەنارشیست، دژی دەوڵەت بێت، ئاساییە، لێ گەر بەناوی کوردبوون و شۆڕشگێڕییەوە، دژ بێت، خۆی دەسڕێتەوە و دەچێتە ژێر سفرەوە.

ـ کەمە نەتەوەکانی کوردستان، کە هاوچارەنوسی کوردن، مافی سیاسی و کولتوورییان پارێزراوە، بەس هاوبەش نین لە خاکی کوردستان دا.

ـ گۆڕینی ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، بۆ هەر مەبەستێک بێت تاوانە. چونکە ئەوانە بەشێکن لە سیمبۆلە نەتەوەییەکانی هەموو کورد.

ـ دەسەڵاتی کوردیی لەژێر پەردەی ڕیفەڕاندۆم و سەربەخۆیی دا، دەیەوێ بنەمای کوردبوون و سیمبۆلە نەتەوەییەکانی بشێوێنێ ئەم کارە بڤەیە.

۲۰۱۷/۸/۲۹

ـ سڵاو لە ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکووک و هەڵوێست و بڕیارە بەرزەکەیان بەم هەنگاوە،کوردایەتی سەنگەریی مەحکەمتر و باسکی بەهێزتر بوو.

ـ دەسەڵاتی کوردی! گەر ویستتان ئاڵا و سروود بگۆڕن، وا ڕیفەڕاندۆم بۆ شەهیدەکان ساز بکەن. لەبیرتان نەچێ، سندوقی دەنگدان لە ئامەد و مەهاباد و قامیشلۆش دانێن.

۲۰۱۷/۹/۵

ـ دژایەتی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بۆ پرسی ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی، نیشانەی بێ مۆراڵی ئەوان و شکستخواردوویی دیپلۆماسێتی دەسەڵاتی کوردییە.

ـ سەربەخۆیی کوردستان، بە درێژایی مێژوو ئامانجە پیرۆزەکەی بزاڤی کوردایەتی و کوردستانی بووە. بۆیە هەر دەبێ بڵێین "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی.

ـ "بەڵێ" بۆ سەربەخۆیی، بەڵێیە بۆ ئایندەیەکی دوور لە بندەستی و ژیانێکی ئارام و شایستە، بۆ ئێستا و نەوەکانی ئایندە.

ـ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، لە ئێستادا گرفتار و گەمارۆدراو و هەلاهەلابوو و داڕزاون، بۆیەکا پێویستە ئەم دەرفەتە زێڕینە بقۆزینەوە.

ـ هاوبیرانی نەتەوەیی نیو سەدە بەر لە ئێستا داوای سەربەخۆییمان کردووە. ئێستا بە چ ویژدان و هەقێکی کوردبوون ڕەوایە بڵێین "نەخێر".

ـ ئەنوەری مەجید سوڵتان، تایەری عەلی والی بەگ، بێستونی مەلا عومەر، مامە ڕیشە، جەلالی حسە کەلۆش گیانیان بۆ "سەربەخۆیی" بەخت کرد.

ـ پڕ بە دەنگ بانگ دەکەم سەربەخۆییم دەوێ...کوردستانە جێی شێرانە دەبێ سەرکەوێ.      ع.ع.شەونم

ـ بە تین و تاوی بزاڤەکانی کورد، بە هەناسەی گەرمی شەهیدان، بە هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگە، بە خوێنی هەڵەبجە و گەرمیان بنووسن بەڵێ" سەربەخۆیی".

٢٠١٧/٩/٦

ـ دواخستنی ڕیفەراندۆم لەژێر هەر گوشار و بەڵێنێکدا بێت، هەمان چارەنووسی ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ دەبێ، کە بۆ ١٩٧٤ دوا خرا و دوایی شەڕیان بەسەردا داسەپاندینەوە.

ـ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، دەبێتە جێی هیوای بەشە داگیرکراوەکانی تر و چرای ڕووناککردنەوەی ڕێگای سەربەخۆییان .

٢٠١٧/٩/٧

ـ هاوڕێم: لە تۆ باشتر دەزانم دەسەڵاتی کوردیی، نوقمی چ گەندەڵی و...،بەس مەرگەموشی ئەم ڕاستییە ناتوانێ شیرینی/ هەنگوینی سەربەخۆییم، لێ تاڵ بکات.

ـ تەنیا دەزگای دەوڵەت دەتوانێ کۆتایی بەم پێکهاتە سەقەتەی حیزبی و مۆدێلە شێواوەی دەسەڵاتی کوردیی بهێنێ. دەوڵەت بۆتەی تواندنەوەیە.

ـ سەری خۆت کز مەکە، خۆت مەڵاس مەدە، وەرە مەیدان، لەیەک کات دا سروود بچڕە بۆ سەربەخۆیی و نەعرەتەش بکێشە بە ڕووی گەندەڵکاران دا.

ـ من لە هیچ زیندانییەکم نەدیوە و نەبیستووە بگری بۆ زیندانەکەی و هیچ بولبولێکم نەدیوە بجریوێنێ بۆ قەفەزەکەی.

ـ کاتێ دەچمە حزوری گیانی بەرزی شێخی بارزان و پیران و سەید ڕەزا و شێخ شەهاب و مەزڵوم دۆغان و.. دەڵێم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ـ دادپەروەریی بۆ کورد: کاتی ئەوەیە جیهان لەگەڵ کورد ڕاستگۆ بێ، هەروەک چۆن ئەوان لەگەڵمان ڕاستگۆبوون... فەیلەسووف بێرنارد هێنری لیڤی.

٢٠١٧/٩/٨

ـ ئەگەر "سەربەخۆیی"ت نەویست!!،برۆ دیسان چیرۆکە دڵتەزێنەکانی مێژووی ٢٧١٧، ساڵەی خوێناوی نەتەوەکەت، جارێکی تر بخوێنەرەوە.

پاسۆک دەڵێ: شەرمە بێگانە حوکمی کورد بکات.

ـ بۆ ئەوەی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و کەسی زات کوێر و ویژدان مردوو و هەست تاساومان نەکات، پێویستە بە چەمکی "کوردبوون" هۆشیار بین.

ـ بەڵێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە لەم چوارچێوەیەدا زیاتر خەونە کاڵ و پەمەییەکانمان شیاوی هێنانە دین.

ـ سەربەخۆیی واتە بوونە خاوەنی: کەسایەتی،کەرامەت و ڕوومەت، هەڵمژینی هەوای ئازادی و بوونە خاوەن شوناس و بوونە مرۆڤ لە کۆمەڵگای جیهان دا .

ـ لە چوارچێوەی دەوڵەت دا،خەبات بۆ گۆڕینی سیاسی و دادی کۆمەڵایەتی و سەروەریی یاسا و کۆمەڵگای مەدەنی، گەلێ ئاسانتر و بە بەرەکەت ترە لە...!!.

ـ خۆشەویستانم: وەک بە جێگەیاندنی ئەرکیکی نەتەوەیی سەرشانم، هاوشانی بانگاشەی ڕیفەراندۆمی سەربەخۆیی ناوبەناو پۆستێک دەخەمە بەرچاوتان.

ـ بە لای باوەڕی کوردبوون و کوردایەتی کردنمەوە زۆر گرنگ نییە، کێ دەوڵەت دادەمەزرێنێ و کام دەبێتە سەرۆک! گرنگتر لام سەربەخۆیی کوردستانە.

ـ پاسۆک دەڵێ: ـ ئەوەی پشت لە نەتەوەکەی خۆی بکات سواری کەڵەکی پەڕۆ دەبێ.

ـ پارووی بێگانە تێرت دەکات، بەڵام لە برسێتی ڕزگارت ناکات.

ـ پاسۆک دەڵێ: تا چرات دەست نەکەوێ، نابێ قوتیلەکەت بشکێنی و تا کارەباشت نەبێ، نابێ

دەستبەرداری فتیلەی خۆت بیت.

ـ پاسۆک دەڵێ: ـ چرای درواسێ لانەی تاریکی تۆ ڕۆشن ناکاتەوە.

ـ قوتیلەی ماڵەکەی خۆت لە چراخانی دروسێ بۆت ڕووناک ترە.

پاسۆک دەڵێ : ـ دەتوانی هەموو کەس بە هەڵەدا بەری، بەڵام ویژدانی خۆت نا.

ـ کە ویژدان مرد، مرۆڤ لە بەین دەچێ.

ـ پاسۆک دەڵێ: ـ بەسکە خشکێ بڕۆیت لە دارشەقی بێگانە باشترە.

ـ کۆیلەی هاوزمانەکەی خۆت بی، چاکترە لە پیاوی بێگانە.

ـ مرۆڤایەتی کورد، کوردایەتییە. ئەوەی لە کورد... سڵ دەکاتەوە ناپاکە،

شەرمی دێ، بێ ئابرووە،

بەڵەسە دەبێ، دوژمنە،

خۆش ناوێ سپڵەیە پاسۆک

ـ پاسۆک دەڵێ: ـ ئەوەی کوردبوونی لا لەنگە، زۆڵە!.

ـ ئەوەی خزمەتی کورد نەکا، نەزۆکە! زڕە.

٢٠١٧/٩/٩

سلێمانی: شاری هەڵمەت و قوربانی،بزاڤی ڕۆشنبیریی،مەکۆی کوردایەتی، زێدی پیرەمێرد، بێکەسی باوک و کوڕ و گۆران. بۆ کورد هەر بە پێوە دەژی و دەمرێ.

ـ سلێمانی بەر لە سەدەیەک، لە مەیدانی کوردایەتی دا، مێژووی پڕ لە سەروەریی تۆمار کردووە،ئێستاش بۆ سەربەخۆیی هەر بە گەورەیی دەچێتە مێژووەوە.

ـ سلێمانی: بە چەند کەسێکی توڕە،مەغدور،ناڕازی،دڵشکاو و.. مێژووی تژی لە سەروەریی خۆی ناڕوشێنێ و لە ڕاستە شەقامی کوردایەتی لانادات.

- سلێمانی: سەرباری ئەو گەمارۆدراوییەی! هەر ئاڵا بەدەست و پێشرەو و سەربڵند دەمێنێتەوە و هەرگیز لە کوردایەتی دواناکەوێ.

- کۆمەڵێ پۆست لەژێر سەرناوی، ئەی ڕۆشنبیران: هونەرمەندان و کەسایەتییە بە پەرۆشەکان،ئێوە دەبێ ڕۆڵەی سەردەمە مێژوووییەکەی خۆتان بن بڵاو دەکەمەوە.

- بەڕێزان: ڕووی بانگەوازم لە دەستەبژێر و کەسایەتییە بە پەرۆشەکانە. ئەو شتەی حیزب و سەرۆک و بەرپرس ناشیرینی کردووە، ئێوە جوانی بکەنەوە.

- بەڕیزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب بێ بەهای کردووە، ئەرکی ئێوەیە بەهای بۆ بگێڕنەوە.

- بەڕیزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب و بەرپرس شێواندوویانە،پێویستە ئێوە بە جوانی ڕێکی بخەنەوە.

- بەڕێزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب و بەرپرس لە گرێژنەیان بردووە،کاری ئێوەیە نەهێڵن و بیهێننەوە سەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی.

- بەڕێزان: ئەرکی ئێوەیە ئەوەی لێمان وونکراوە و وون بووە،ئێوە هاوکارمان بن بۆ دۆزینەوەیان و بۆمان بدۆزنەوە.

- بەڕێزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب و بەرپرس لیی تاریک کردووین ،چاوەڕێ دەکەین ئێوە بۆمان ڕووناک بکەنەوە.

- بەڕیزان: ئەوەی ئەو وانەکانە! لێیان خراپ و سەقەت کردووین، فەرمانی سەرشانی ئێوەیە بۆمان چاک بکەنەوە.

- بەڕێزان: ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێی نەماوە، ئێوە باوەڕ و جوانی پێ ببەخشنەوە.

- بەڕێزان: ئەوەی ئەوان سڕیان کردووە و کوژاندوویانەتەوە،ئێوە چالاکی بکەن و بۆمان داگیرسێننەوە.

- بەڕێزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب و بەرپرس لێمانی خستووە، ئێوە بۆمان هەڵگرنەوە.

- بەڕیزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزب و بەرپرس تێکی شکاندووە،گەرەکە بە حیکمەتی خۆتان بۆمان چاک بکەنەوە.

-بەڕیزان: ئەوەی دەسەڵات و حیزبایەتی لە دەست کوردی داوە، ئێوە ڕەخنەیان لێ بگرن و باسی بکەن و بۆمان تێبهێننەوە.

- بەڕیزان: ئەوەی حیزبایەتی و ناکوردستانی بوون بە فیرۆی داوە، ئەرکی نەتەوەیی و مۆراڵی ئێوەیە بۆمان بگێرنەوە.

بەڕێزەکانمان: مامۆستاکانمان، بیرمەند و ڕابەرەکانمان،گەورەکانمان،خەمخۆرەکانمان،وەرن بەهانای کوێرەوەرییەکانی نەتەوەوە. ئێوە دەبێ مەزن بن.

- دنیایەک لە گەوجاندنی سەیر و دیماگۆگێتی عەیارە ٢٤: بە ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیبەوە بڵێ نەخێر بۆ "سەربەخۆیی" کوردستان.

٢٠١٧/٩/١٠

- شاری سلێمانی: سەرچاوەی کانیاوی ڕوون و سازگاری کوردایەتییە،بۆیە هەرگیز بە کۆمەڵێ قەوزە و ژەهر ،لیخن و پیس نابێت.

- ئەگەر سیاسەتی سەقەت و بەرژەوەندی حیزبی ناموبارەکیش، لەیەکترمان دڕندوگ بکات،کوردبوون بە خۆیی و چارەنووسییەوە نایەڵێ لە یەکتر بترازێین.

- نە تفی ڕۆکراو هەڵدەگیرێتەوە و نە هەلی لەدەست چوو دەگەڕێتەوە. جا بۆ ئەوەی مۆری نەخێر بەر ناوچاوانت نەکەوێ، درۆ لەگەڵ ناخی خۆتدا مەکە.

- بریارێکی دەرەوەی بەڵێ و ڕێگەیەکی پێچەوانەی ئامانجی سەربەخۆیی، واتە خۆکوژی و گۆڕ بۆ مەرگی خۆ هەڵکەندن.

- هیچ دروشمێکی دیموکراسی و پەرەگرافێکی دەستووری، وەک پێویست پێش هەبوونی دەوڵەت نامەێیت و ناچەسپێ، تەنیا لە دەوڵەت دا، سەقامگیر دەبن.

- هەتا دنیا دنیای حیزبایەتی بێت، ئەو مۆدێلەی لە باشووری کوردستان دا بەرقەرارە، لەسەر پارە و ڕەشەخەڵک پەکی ناکەوێ. بەس دەوڵەت ڕایان دەماڵێ.

- هاوڕێ: خۆت لە مۆتەکە و جەنگی دەروونی و کێشمەکێشی نێوان بەڵێ و نەخێر ڕزگار بکە. دڵنیام سبەی تۆ زیاتر سنگ دەردەپەڕێنی و سوودمەندتر دەبی.

٢٠١٧/٩/١١

-٩/١١.ڕۆژی ڕسکانی پاسۆک و درێژەی شۆڕسی ئەیلولی پیرۆزە.

کوردستانێکی ئازاد...گەلێکی یەکسان. دروشمی ناوەندی پاسۆک.

- ٩/١١ ڕۆژی ڕسکانی پاسۆک و درێژەدان بە شۆڕشی ئەیلوول پیرۆز بێت.

پێش ئەوەی هەر شتێ بین..دەبێ کورد بین. لەدروشمەکانی پاسۆک

- جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە. لە دروشمە سەرەکییەکانی پاسۆک.١٩٧٥/٩/١١ یادی ڕسکانی بەخێر

- سەدەیەک لەمەوبەر "نەخێر"مان گوت و بە زۆرەملێی لە عێراقی عەرەبییان مارە کردین. ئێستا "بەڵێ" دەچڕین و داوای کەوتنی تەڵاقی سیاسی دەکەین.

- بیرمەندانی : وەک بێشکچی و چۆمسکی و تورین و لیڤی.."بەڵێ" بۆ دەوڵەتی کوردی دەکەن. ئەی هاوڕێ! تۆ خەریکی داتاشینی کام تیوری و فەلسەفەیت؟!.

٢٠١٧/٩/١٢

- دیموکراتیش،چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی پێ ناکرێ. بنۆڕە سکۆتی و ئیری لە بەریتانیا و کاتالانی و باسکی لە ئیسپانیا و کیوبیکی لە کەنەدا.

- دەوڵەتی ئیسپانیای دیموکراس!! بڕیاری داوە ڕۆژی ڕیفەڕاندۆمی کاتالۆنییەکان، سندوقەکان لابات و بانگاشەکەران سزا بدات و زیندانی بکات.

- چ ریسواییەکە بۆ جیهان، بەتایبەتی ئەوروپای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتن و شارستانێتی، میللەتێکی وەک کاتالۆنی نەتوانێ سەربەخۆ بێت.

- سڵاو لە سەنگ و بەهای چەمکی "کوردبوون" کە دەتوانێت هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەژێر ئاڵای خۆی دا،کۆبکاتەوە.

- چەمکی"کوردبوون" هەوێنی یەکبوونی ریزەکانی کورد و کۆکەرەوەی جیاوازییەکانە، بۆ یەک شوناسی،بە لۆژیکی عەقڵ.

- سەدان هەزار کوردی لە سێدارە دراو لە زیندانەکانی کەرکووک و موسڵ و بەغدا، لەبەردەم پەتی سێدارەدا هاواریان دەکرد بەڵێ بۆ "سەربەخۆیی".

-٢٠١٧/٩/١٣

- هێزە ئەهریمەنەکان، لە دابەشکردنی کوردستان و زاڵکردنی تورک و عەرەب و فارس بەسەر نەتەوەکەمان دا، پرسییان بە کورد نەکرد. ئەی کورد چی دەکات؟!

- کورد دەبێ وەک یاریزانێکی بە دیقەت و زرنگی نێو ڕووداوەکان، بە ویست و ئیرادەی خۆی کار بکات.

٢٠١٧/٩/١٤

- دوای ئەوەی یەکڕیزی نێو ماڵی کورد،خەریکە شین دەبێ و بەر دەگرێ، هەوڵە دەرەکییەکان بۆ دواخستنی ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی چڕ دەبنەوە.

- تا ئێستا چ لۆژیک و مانایەک لە دواخستنی ڕیفەڕاندۆمدا نابینم. ئاخر بۆ کەی دواخرێ؟ بۆ دواخرێ؟ دواتر چاوەڕێی چی بکەین و..!؟

- ئاکامی ڕیفەڕاندۆم شکستیش بێت، کورد هەر سەرکەوتووە. چونکە ئیرادەی بۆ سەربەخۆیی نمایشت دەکات و دەتوانێ جارێکی تر تێبهەڵچێتەوە.

ـ کاتالۆنییەکان،سکۆتییەکان، کیوبیکییەکان،چەن جارێ هەوڵی ڕیفەڕاندۆمیان داوە،سەرکەوتوو نەبوون. لێ تا ئێستا کۆڵیان نەداوە بۆ سەربەخۆیی.

ـ ئەو هەموو ڕابوون و شۆڕشانەی کورد شکستیان خواردووە،گەر جارێکیش ڕیفەڕاندۆم وەک مۆدێلێکی خەبات سەری نەگرت، کورد بێ هیوا نابێت.

ـ یەکێتی و تەبایی نێومالّی کورد، هەر ژێرکەوتنێکی لێ بکەوێتەوە، هەر سەرکەوتن و جێی شانازییە.

ـ سەد ساڵ بەر لە ئێستا،ئینگلیز سایکس پیکۆی لەگەڵ فەرەنسا مۆرکرد. گفتی بەلفۆڕیشی دا بە جولەکە و "لۆرانس"یشی نارد بۆ لای عەرەب. ئەی USA چی دکات؟!

٢٠١٧/٩/١٥

ـ سڵاو لە کەرکووکی: باوەڕ و هەڵوێست، لە گیانبەختکردوون، عێزەدین قەرە محەمەد و مامە ڕیشە و هەموو ڕۆڵە بەئەمەکەکانی تری کوردستان ...

ـ سڵاو لە کەرکووکی بابەگوڕگوڕ: لە پارێزگار و ئیدارە و دانیشتوانە قوربانیدەر و تێکۆشەرەکەی، بۆ خۆیان و هەڵوێستی کوردانە و مەردانەیان.

"کوردایەتی" لە کەرکووک هەناسە دەدات و تا بێت ئاگری بڵێسەدارتر دەبێ، بۆیەکا وەک بابەگوڕگوڕ تین و تاوی هەرگیز ناکوژێتەوە.

ـ کەرکووک بە تینی ئاگری بابەگوڕگوڕ و خوێنی گەشمردەکانی ، مێژووی نوێی خۆی لە دوای " تەعریب "ەوە دەنووسێتەوە.

ـ لە کەرکووکەوە چرکەساتی ئیرادەی سەربەخۆیی کوردیی دەخەملێ و لە فۆرمی پۆلایی دا، دەیبینین بەرامبەر بە داگیرکەران.

٢٠١٧/٩/١٦

ـ پێدەچێ دنیا دژی ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و کاتالۆنیا بێت، بەڵام هەردوو میللەت، بە ئیرادەوە سوورن لەسەر هێنانەدی ئامانجەکانیان.

ـ دەوڵەتی ئیسپانیای دیکتاتۆر، یەکێتی ئەوروپا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی سەربەخۆیی کاتالۆنیان، بەڵام ئەو میللەتە واز لە خواستەکانی ناهێنێت.

ـ هاوڕێ: ڕۆژی ئەوە نییە وەک نەعامە سەر کەیت بەناو لم و کۆشی خۆت دا و دەست بگری بە کڵاوی خۆتەوە با نەیبات. ڕۆژی کوردایەتییە، وەرە مەیدان.

ـ سیاسەتکردن لە دەرەوەی بەرژەوەندی نەتەوایەتی، ئاکامەکەی خولانەوەیە لە بازنەی داخراودا و نابووتییە لە خەبات دا و ڕوو زەردییە لەبەردەم میللەت دا.

ـ لە هەسارەی زەوی دا، کورد بە دوای ئەو بستە خاکەوەیە، کە ناوی نیشتمانە، تا ئاڵای هەبوون و ناسنامەی خۆی تێدا بشەکێنێتەوە.

٢٠١٧/٩/١٧

ـ لە شوناسی "کوردبوون"دا نەبوونی دەوڵەت گەورەترین و پڕ مەترسیترین کەلێنی دروست کردووە.

ـ دەوڵەت جەمسەرێکی موگناتیسی بەهێزی ڕاکێشەر و کۆکەرەوەی هەموانە. بێ دەوڵەتی ژیانی قەرەج ئاسا بەسەر بردنە.

ـ مێژوو تۆماری هەڵوێستە،ڕەفتاری تۆ و حیزب و شار و شارۆچکەکەتی بە چاک و خراپەوە لە بیر ناچێتەوە! بە هیوای کەس بەر حوکمی قورسی شمشێرەکەی نەکەوێ.

ـ ئەگەر لەگەڵ سەربەخۆییدایت،ئەی کوا کێش و سەنگی جەماوەرت و هەڵمەتی میدیا و کەرنەڤاڵی سەرکەوتنت؟.

ـ هیچ شتێک هێندەی ئازادی بەهادار و بە شکۆ نییە، سەربەخۆیی وێستگەیەکی گرنگی گەیشتنە ئەو ئامانجەیە.

ـ ئازادی بەنرخترین سەرمایەی مرۆڤە، سەربەخۆیی زەمینە و ژینگەی دروست و تەندروستی ئەو بەها و مانا بە نرخەیە.

ـ خەبات بۆ بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ دوای قۆناغی سەربەخۆییش کۆتایی نایەت.

ـ مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان...چۆن قازانج دەکەی تا نەکەی زیان بلە.

ـ هەرچی ڕەشەبا و تاریکی دنیایە،ناتوانێ ڕووناکی چرای دەستی نەتەوەیەک بکوژێنێتەوە.

ـ ئازادکردنی نەتەوەیەک لە بندەستی و کوێرەوەری، کارێکی سانا و بێ گرفت نییە.

ـ کەرکووک بازووی نیشان دا، هەولێر کوردبوونی نمایش کرد،دهۆک کەرنەڤاڵی ساز دا. ماوەتەوە سلێمانی سەرچۆپی بگرێ و ڕابەرایەتی بکات.

ـ٢٠١٧/٩/١٩

گوندەکەمان لە ١٨ ماڵ پێکهاتووە،خاوەنی ١٢٢ ئەنفالکراوین.دایکێکی پیر و ٤ منداڵم ماون،هەمویان بە قوربانی کوردستان. هاوڵاتیەکی خانەقینی KTV.

ـ کەرکووک جارێکی تر،بۆ یەکەمجار بە خوێنی ڕۆڵەکانی "سەربەخۆیی" نەخشاند. کورد بەخشندەیی دەنوێنێ، ئەوان ڕک و کینە دەبارێنن.

ـ ع.باپیر دەڵێ: لەسەر ئەو پشتگیرییەی ئیسرائیل بۆ ئێمە قەرزدار دەبینەوە. دەباشە بەڕێزم،بڵێ برا موسڵمانەکانم لە ئەنقەرە و تاران و بەغدا و شام مەمانکوژن.

ـ٢٠١٧/٩/٢٠

ـ ئەو کەس و لایەنانەی خۆیان خستۆتە قوڕ و لیتاو و هەر دەچەقن و دەرنایەنەوە. خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردووە."چی بچێنی ئەوە دەدووریتەوە".

ـ من لەو بەدیکە تێناگەم، کە سەرانی کورد لە جێی ڕیفەڕاندۆم چاوەڕێی دەکەن و گوایە لەو ڕیفەڕاندۆمیش بەهێزتر بێت! تۆ بڵێی یەکسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەت بێ؟.

ـ وەک بانگاشە دەکەن، ڕیفەڕاندۆم بۆ سەربەخۆییە، ئەڵتەرناتیڤی ئەم ئامانجەش تەنیا یەکسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتە. یان...؟؟!!

٢٠١٧/٩/١٢

ـ هاوڕێ: کێشە ئەوە نییە بۆچوونی جیاوازت هەبێ ،بەڵکو ماڵوێرانی لەوەدایە هەڵوێست و ڕەفتارت هێندە دوژمنانەیە، هەموو بەها و جوانییەکی تێدا کوشتوویت.

٢٠١٧/٩/٢٢

ـ کاتێ هەڵە و خراپەیەک بەرامبەر بە تاکێک دەکەیت خەجاڵەتی کێشان زۆر ناخۆشە. ئەی لەبەردەم نەتەوەیەکدا، دەبێت چەند ئەستەم بێت.

ـ من وەک کورد و مرۆڤ و ئازادیخوازیش نەبم،ڕۆبۆتێکی ئاساییش بم، جۆش و خرۆشی کەرنەڤاڵی نەتەوەکەم بۆ سەربەخۆیی هەر دەبیزواندم.

٢٠١٧/٩/٢٥

ـ لەگەڵ "بەڵێ" بۆ "سەربەخۆیی" کوردستان دا،سڵاوی گەرمی خەبات بۆ پێشمەرگە لەیاد نەکەن. تکایە و زۆر تکایە...

ـ بەڵێی سەربەخۆیی، باشترین و بەنرخترین پاداشتە بۆ شادکردنی ڕەوانی گیانبەختکردووە نەمرەکانی ڕێی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

ـ لە گەرمیانی ئەنفالکراو بە قەتار و ئەڵاوەیسییەوە، پێشوازی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت. ئەوان وێنکەری ژیان و ئێمە ئاوەدانکەرین.

ـ بەر لە ٥٦ ساڵ لای دایک و باوکم و پێش ٣٩ ساڵ لای پاسۆک و بیروباوەڕی نەتەوەیی، فرچکم بە سەربەخۆیی کوردستانەوە گرت. ئێستا بەختەوەرم.

ـ هاوڕێیان: ڕۆژی کەرنەڤاڵ و گۆڤەندی سەربەخۆییە، کەچی من بە قووڵپ گریانم دێت. بنۆڕە چ بارودۆخێکی دەروونی سەیر ئابڵووقەی داوم؟!!.

ـ سڵاو لەو برایانەی "گۆڕان" کە دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەدەن. بەس تکایە با دەنگی نەخێرتان لە دژی گەندەڵی و نادادپەروەریی بڵندتر بێت.

ـ سڵاو لە ڕۆڵی کۆسرەت ڕەسوول،د. نەجمەدین، ڕێبوار تاڵەبانی، کە لەدوا چرکەکاندا، شاری کەرکووکیان، وەک دڵ بەخشییەوە بە کوردستان.

ـ نەتەوەکەم بە هەست و خرۆشێکی بەرز و جلوبەرگی کوردیی و ئاڵای کوردستان و خواردنی برنج و قەیسی جەژن و بەخشینەوەی شیرینی بۆ سەربەخۆیی دەچێ.

ـ ئەرکەکانی ئایندەی بەردەم کورد هەروەک ڕابووردووی سەخت دەبێت. بەدەوڵەتبوون پرۆسەیەکی قورس و هەستیارە. دەست لەدەست هێز لە نەتەوە.

ـ بەرپرسان تکایە: پانۆڕامایەکی گەورە وەک شوورای چین دروست بکەن و وێنەی تاکەتاکەی گیان بەختکردووانی کوردستانی پێدا هەڵواسن.

ـ حیزب و ڕێبازێ،تاکەکانی بۆ کوردبوون و کوردایەتی پەروەردە نەکات، ئەو ئاکامە بەدەستەوە دەدات،کە ڕێژەی نەخێرەکانی ئیمڕۆ نیشانیان دا.

ـ ئەوانەی بەهەر هۆکارێک دەنگی "بەڵێ"یان نەدا دەبێ ئەوە بزانن ،ئەوە مومارەسەی مافی دیموکراسی نەبوو، بەڵکو دژ وەستانەوەی مافی نەتەوەیەک بوو.

ـ دەنگ نەدان بە سەربەخۆیی کوردستان،چ پاساویکی نەما،جگە لە دژایەتی کوێرانەی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردایەتی. ئەمەش گەورەترین کارەساتە.

ـ